کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 1:58بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**(لەناکەس کاریا خاکت بەسەر ڕۆیی بەبا هەموو عومرت**

**خودا سا دەتژێنێ تا لەبەر کۆشکی میرێ دەمری) ...**

**وەڵامێکی پێویست بۆ جەنابی شێخ نەجمەدین بزەینی ... کامەران مەحموود**

لەچەند ڕۆژی ڕابردوو دوو وتارم پێش چاو کەوت لەسەر نووسینێکی من بڵاوکرابوونەوە، یەکەمیان لەلایەن کاک هاوار بانیخێڵانی ؛کەهەرچەندەزمانێکی زبری دوور لەنەرێتی ڕۆژنامەگەریی بەرانبەر من بەکارهێنا بوو، زۆر هەڵەشەیی و پەلەکردنیشی پێوەدیار بوو بەڵام من وەڵامی نادەمەوەو خۆشم ئەوێت چونکەلەکۆتایی وتارەکەیدا قسەیەکی حەقی درکاندووەبەرانبەر مامۆستایەکی بەڕێز، گوتراویشەهەر کەس چی لەباردا بێت هەر ئەوەدەبەخشێ.
بەڵام سەبارەت نەجمەدین دەتوانم لەکۆتایی بابەتەکەی خۆیەو دەست پێ بکەم کەگوایەبەچ حەقێک دەیەوێ 80 جەلد لەمن بدرێ گوایەبوختانم بۆ کردووە؟لەکاتێکدا خۆی دیارەلەگەڵمدا بووەکەدەڵێ مەلاکان دوعایان کردووەلەسەردەمی ڕژێمی پێشوو بۆ حوکمەت و منیش گوتوومەئامیین؟؟؟ئایا تۆ من ئەناسیت؟یان ئەو بوختانەگەورەیەش بۆ مەلا سەید ئەحمەد ئەکات کەگوایەلەو کاتەدا دوعای کردووە؟؟لەکاتێکدا ئەو مامۆستا خۆشەویستەلەو کاتەدا لەئۆردوگاکانی ئێراندا بووەو لەدژی زوڵم و ستەمی بەعسی هەڵهاتبوو و قەبوڵی نەکردبوو. کەواتەئەمە2 بوختان و 160 جەلدەپێویستەلەتۆ بدرێ.
پاشان گەر تۆ دەتەوێ دین لەبەرژەوەندی دەسەڵات بەکار بهێنی هەر وەک بەعسییەکانی زوو (کێ ئەڵێ تۆ لەو کاتەشدا هەر ئەمەپێشەت نەبووە؟؟) ئەوا گەر تۆ موسڵمان بیت دەزانیت کەگوێڕایەڵی لەسەرپێچی خوادا نییە(لا گاعەلمخلوق فی معێیەالخالق) جا ئایا تۆ نکۆڵی زوڵم و ستەم و سەرپێچی خوا و مافی هەتیو خواردن و کوشتنی ناهەق و گرتنی ناهەق و سزادان و پارەدزین و نا دادوەری لەنێوان خەڵکیدا لەلایەن دەسەڵاتەوەو دابین نەکردنی ئاوو کارەبا وسوتەمەنی پێویست بۆ هاوڵاتی و بوونی چەندان نەخۆشی کۆمەلایەتی و هتد... لەژێر ئەمری خودادایە؟؟ئایا مەرجی دادوەری هاتووەتەدی تاعالەمیش لەبەرامبەردا دەست لەسەر سنگ بن بۆیان؟
ئەتوانم بڵێم کەتۆ کەسێکی مەغروری چونکەتۆ زۆر جوان وەسفی خۆت دەکەی، ئەوەبزانەکەسێک وەسفی خۆی بکات ئەوا زەمی کردووە، لەبەرامبەریشدا من بەنەزان و لاواز لەزانیاریدا لەقەڵەم ئەدەیت، تەنانەت ئەوەندەمەغروری دەڵێی جواب دانەوەی درێژ بۆ من هەڵناگرێت!!منیش پێت ئەڵێم بەڵێ ئەگەر من نەزان بم ئەوا تۆ نەزانتریت، چونکەوەک چۆن لەهەموو زانایەک زاناتر هەیە، ئەوا لەهەموو نەزانێک نەزانتریش هەیە.. گەر مامۆستا سەید ئەحمەدیش وتەکانی تۆ بەهەند هەڵگرێ ئەوا وەڵامێکی ئەدایتەوە.
ئەوەش بزانەکەبێ دەنگ لەسەر حەق وەکو شەیتانی لاڵ وایە، جا ئەو مەلایەی کەتۆ وەسفت کردووەلەسەر تەلەفزیۆن بەرانبەر عالەم دەدوێت و کەسیش هیچ ناڵێت کەواتەلەسەر حەقە؟؟ئەوا منیش دەڵێم ئایا کۆنترڵ ئەهێڵێت خەڵک بەئازادی ڕەخنەبگرن و بدوێن؟یان هەر کەبزانن لەبەرژەوەندی مەلا نییەیەکسەر پەیوەندییەکەدەپچڕن؟!پاشان ئەو مەلایەش پاشڵێکی تاوانکاری هەیەکاتێک لەمزگەوتی ئیمان پێش نوێژ بوو لەوەی چەند گەنجێکی بەکوشت دا و خۆشی هەڵهات!گەر لای تۆ نموونەییەئەوا لای هەموو بینەران وا نییە.. تۆ ئەو فەرموودەیەت نەبیستووەکەدەفەرمێ گەورەترین جیهاد گوتنی وتەی حەقەبەرانبەر سوڵتانێکی ستەمکار.
نامەوێ زۆر درێژەی پێ بدەم و خوێنەری بەڕێزی هوشیار تەنیا بەبەراوردکردنی وتارەکەی من و تۆ دەزانێت کێ حەق بێژەو بێ مەسلەحەت ئەنووسێ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاتێکیش باسی ئاینی میللەت کورد ئەکەم مەبەستم لەزۆرینەیەکەنزیکەی لەسەدا نەوەد و پێنجە.. ئەو ئاینانەش کەتۆ باست کردوون ئەوا شوێنکەوتووانیان بەدرێژایی مێژوو و تا ئێستاش ئازادن لەپەرستنەکانیان و کەس زۆریان لێ ناکات ولەبەرانبەریشدا پاراستنی یاسای زۆرینەنابێت پێشێل بکەن. لەکۆتاییدا پێت ئەڵێم؛دەرزییەک بەخۆتا بکەئینجا سوژنێک بکەبەخەڵکا.. لەکوێوەش با هات لەوێوە شەن مەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.